سەرکی یەکێتیی پەیامەکی پیرۆزبایی ئاراستەی د.عەلی قەرەداغی دەکات

بافڵ جەلال تاڵەبانی سەرکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەیامەکی پیرۆزبایی ئاراستەی د.عەلی قەرەداغی دەکات، بە بۆنەی هەڵبژاردنی وەك سەرکی یەکێتیی جیهانیی زانایانی موسڵمان و رایدەگەیەنێت: "هیوادارم ئەم بڕپرسیارێتییە نوێیە ببێتە مایەی خزمەتکردنی زیاتری موسڵمانان".

سەرکی یەکێتیی لەپەیامەکی رایگەیاند"بەبۆنەی هەڵبژاردنتان وەك سەرکی یەکێتیی جیهانیی زانایانی موسڵمان، پیرۆزبایی خۆمان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانتان ئاراستە دەکەم".

وتیشی"هیوادارم ئەم بڕپرسیارێتییە نوێیە ببێتە مایەی خزمەتکردنی زیاتری موسڵمانان، یەکێیزیی گەلی کورد و قووڵکردنەوەی ئاشتی و پێکەوژیان لەنێوان سەرجەم ئایین و نەتەوەکاندا، کە دونیایین بە ئەزموونی قووڵ و لێهاتوویی خۆتان لە رابردووداە، هەوڵەکانی داهاتووشتان لەو پێناوەدا دەبێت".